فایق زێیدان پێشوازییکرد لە وەزیری دادی سەماە و شاندی یاوەری

دادوەر فایق زێیدان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، و حەسەن موعەللیم، وەزیری دادی سەماە، هاوکاری دادوەری نێوان هەردوو وڵاتیان تاوتوێ کرد.

بەپێی راگەیەندراوێکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زێیدان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، پێشوازیی لە حەسەن موعەللم، وەزیری دادی سەماە و شاندی یاوەری کرد و لە دیدارەکەدا تاوتوێی هاوکاریی دادوەری و یاسایی نێوان هەردوو وڵات کرا.

شاندی میوان بریتی بوون لە سولەیمان محەمەد، داواکاری گشتی کەماری سەماە، ساڵح شێخ ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، عەبدوڵڕەحمان، هاوڕێکاری وەزیر، لیبان شێخ مەحمود، باڵیۆزی کەماری سەماە لە بەغدا، و عەبدولفەتتاح شێخ ئەحمەد جێگری باڵیۆز، هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا نەجم عەبدوڵڵا، سەرۆکی داواکاری گشتی، و لەیس جەبر سەرۆکی دەستەی چاودێری دادوەری، ئامادە بوون.